# 100
# فەرمودەی لاواز

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام علي رسول الله أمابعد :_
برايان وخوشكانى بەرێزم ئەبێت ئێمە بەردەوام هەول بدەين (زانيارى شەرعى) وەربگرين جايەكێك لەوزانياريانە (زانيارى فەرمودەيە) بۆيە بەباشم زانى كەچەند (فەرمودەيەكى لاواز) لەسەر زمانى خەلك بەردەوام ئەگوترێتەوە وەمن بەداخەوە لەسەر زمانى چەند مەلايەك يش ئەبيستەمەوە كەلەووتارەكانايان يان لەتلفزيونەكان ئەبەينم چەند مامۆستايەك ئەيلێنەوە ،راستە ئەگەر لەبارەی (ترغيب وترهيب _ هاندان وترساندن) ی خەلك بێت ئەبێت بەلام تەنها لەبارەی (بيروباوەر_عقيده) نابێت فەرمودە بلێين ئەگەر لاواز بوو وە بەپێويستم زانی ئەم چەندفەرمودەيە لاوازە بهێنمەوە چونكە (سند_زنجيرەی گێرەرەوەی فەرمودە)تەنها لە ئاينى ئيسلام دا هەيە بۆيە ئيسلام تائيستا بە پاكى وەبێ گەردى ماوتەوە چونكە ئاينەكانى ديكە ئەم شتەی تێدانيە،وەهيوادارم خوای گەورە بيكاتە تێشوی رۆژی دوايی بۆمان وەبيكاتە مايەی لێ خۆشبونمان ئامين .

فەرمودەی يەكەم :_
(**أتق شر من أحسنت إليه** ) واتا بترسە لەخراپەی ئەوكەسەی كەچاكەت لەگەلدا كردوە.
ئەمە فەرمودە نيە بەلكو قسەيەكى عبدالله كورى عەباسە هەروەك پێشەوا(السخاوى) ئەفەرموێ لەپەرتوكى_ المقاصد الحسنة_ لاپەرە 39).

فەرمودەی دووەم :_
(**.سؤر المؤمن شفاء** ) واتاپاش ماوەی باوەردار شفايە ..
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوكى (زنجيرەی فەرمودەلاوازەكان_ ئەم فەرمودەيە هەلبەستراوە ژمارەی فەرمودەكە_ ج1 _لاپەرە 78)

فەرمودەی سێيەم :_
(**خير الأسماء ما عبِّد وما حمِّد**) واتا خۆشترين ناولەلای خوای گەورەدا ناوەكانى (مانايى بەندايەتى ومانای سوپاس گوزاريە) .
پێشەوا محمد ابو المحاسن القاوقجي. لەپەرتوكی( اللؤلؤ المرصوع) ئەفەرموێ هەلبەستراوە.

فەرمودەی چوارەم :_
(**أحبو العرب لثلاث: لأني عربي والقرآن عربي وكلام أهل الجنة عربي** ) . واتا عەرەب تان خۆشبوێت بۆسێ شت لەبەرئەوەی من عەرەبم وقورئان عەرەبيە وقسەی خەلكى بەهەشت عەرەبيە) .
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوكی مشكاة المصابيح ئەم فەرمودەيە هەلبەستراوە ژمارەی فەرمودە _5952).

فەرمودەی پێنجەم :_
(**اختلاف أمتي رحمة**) واتا ڕارای ئومەتەکەم ڕەحمەتە .
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی (زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان _ ئەم فەرمودەیە هەلبەستراوە ژمارەی فەرمودەکە(11) .

فەرمودەی شەشەم :_
(**أدبني ربي فأحسن تأديبي**) واتا خوای پەروەردگار پەروەردەی کردم چاکترین پەروەردەی کردوم
پێشەوا ئیبن تەیمیە ئەفەرموێ ( ماناکەی تەواوە بەلام هیچ سەنەدێکی نیە) وە پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی (زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان _ئەم فەرمودەیە هەلبەستراوە ژمارەی فەرمودەکە _ ج1_ لاپەرە 72 ) .

فەرمودەی حەفتەم :_
( **إذا بليتم بالمعاصي فاستتروا**) واتا ئەگەر گوناهتان کرد ئەوا بیشارنەوە .
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی (زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان _ ئەم فەرمودەیە هەلبەستراوە ژمارەی فەرمودە (2 ، 985)

فەرمودەی هەشتەم :_
(من صلى في مسجدي أربعين صلاة لا يفوته صلاة كتبت له براءة من النار ونجاة من العذاب، وبرئ من النفاق) واتاهەر کەسێک چل نوێژ بکات لەمزگەوتی من هیچ نوێژێکی نەچێت ئەوا ناوی ئەنوسری لەوانەی کە لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری ئەبێت وە لەئازاری دۆزەخ وبێ بەری ئەبێت لە دوورویی.
فەروەمودەیەکی لاوازە ، پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی (زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان_ ژمارەی فەرمودە_364).

فەرمودەی نۆیەم : _
(**إذا رأيتم الرجل يعتاد المساجد فأشهدوا له بالأيمان** ) واتا ئەگەر پیاوێکتان بینی هاتوچۆی مزگەوتی ئەکرد بەردەوام ئەوا شایەدی بۆبدەن .
ئەم فەرمودەیە هەلبەستراوە ، پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی (زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان_ ژمارەی فەرمودە .(**1782**)

فەرمودەی دەیەم :_
(**اقرؤها عند موتاكم يعني: يس) واتا** لە لای مردوەکانتان سورەتی یس بخوێنن.
فەروەمودەیەکی لاوازە ، پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی (زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان_ ژمارەی فەرمودە( 5861)

فەرمودەی یازدیەم : _
(**تنظفوا فإن الإسلام نظيف**) واتا پاکو خاوێن بن چونکە ئیسلام پاکو خاوێنە .
فەروەمودەیەکی لاوازە ، پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی (غاية المرام ) لاپەرە( 61)

فەرمودەی دوانزەهەم : _
( إنكم تدعون يوم القيامة بأسمائكم، وأسماء آبائكم، فأحسنوا أسماءكم) واتا ڕۆژی دوایی بەناوەکانتان بانگ ئەکرێن وەبەناوی باوکەکانتان ،جا ناوەکانتان خۆشبکەن )
فەروەمودەیەکی لاوازە ، پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی(زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان_

ژمارەی فەرمودە(5460) .

فەرمودەی سێ نزەهەم :_

(**اطلبوا العلم من المهد إلى اللحد**) واتا داوی زانیاری بکە لە بێشکەوە تا وەکو گۆر .

زانای بەناو بانگ ( حاجی خەلیفە _لەپەرتوکی _ **(كشف الظنون عن أسامي الكتب و الفنون_ج 1- لاپەرە 51** _ئە فەرموێ قسەیەکە بە ناو خالکدا بلاو بۆتەوە ،وە پێشەوا ئبن باز ئەفەرموێ هیچ سەنەدێکی نیە .

فەرمودەی چواردەهەم :_

(**اعمل لدنياك كأنك تعيش أبدا ، وأعمل لآخرتك كأنك تموت غدا** ) واتا ئەوەندە ئیش بۆدونیابکە وەک ئەوە هەتا هەتا ئەژیت ،وەئەوەندە کردەوە بکە بۆرۆژی دوایی وەک ئەوەوا بێت بەیانی ئەمریت .

پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ( فەرمودەیەکی هەلبەستراوە ، کەوتۆتە سەرزمانی خالک پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی (زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان_ ژمارەی فەرمودە(ج 1_لاپەرە 63)

فەرمودەی پانزەهەم :_

(**إكرام الميت دفنه** ) واتا رێزگرتنی مردوو شاردنەویەتی .

فەرمودەیەکی هەلبەستراوە،وە پێشەوا (ئەلعجلونی_لەپەرتوکی _ كشف الخفاء ومزيل الالباس _ ئەفەرموێ قسەی یەکێک لە زاناکانە )

فەرمودەی شانزەهەم :_

(**اللهم** بارک لنا فی مارزقتنا وقنا عذاب النار) واتا خوا بەرکەت بخیتە ئەوەی کەرۆزیت داوین وە بمان پارێزە لەئاگری دۆزەخ.

پێشەوازەهەبی ئەفەرموێ( زۆرلاوازە ،فەرمودیەکی نەناسراوە .

فەرمودەی حەڤدەهەم :_

(**اللهم لك صمنا وعلى رزقك أفطرنا ، اللهم تقبل منا ، انك أنت السميع العليم** ) واتا خوایە بۆتۆبەرۆژو بوین،وەلەسەررۆزی تۆ شکاندمان،خوایەلێمانی قبول بکەیت،خۆت بیسەروزانای.

فەرمودەیەکی لاوازە .پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لە پەرتوکی (ارول الغليل_ج 4_لاپەرە 36)

فەرمودەی هەژدەهەم :_

(**إن الله أمر حمامتين وحشيتين فوقعتا بفم الغار, وأقبل فتيان قريش فنظر أولهم فرأى الحمامتين ، فرجع فقال له أصحابه : مالك لم تنظر في الغار؟ قال : رأيت حمامتين وحشيتين بفم الغار، فعرفت أنه ليس فيه أحد** ) خوای گەورەفەرمانی بەدوو کۆتری کێویلکە کرد_مەبەستی رۆژی کۆچ کردنە _ هاتنە بەردەمی ئەشکەوتەکە وگەنجەکانی قوریش هاتن یەکەمیان تەماشای کرد هەردوو کۆترەکەی بینی گەراوەلای برادەرکانی براردەکانی وتیان ئەوەبۆتەماشای ئەشکەوتەکەت نەکرد؟ئەویش وتی دووکۆتری کێویلکە لەبەردەمی ئەشکەوتەکە هێلانەیان کردبوو ئنجازانیم کەسی تێدا نیە .

پێشەوا بوخاری ئەفەرموێ( ئەم فەرمودەیە هەلبەستراوە ) .

فەرمودەی نۆزدەهەم :_

(**إن الله لا ينظر للصف الأعوج** ) واتا خوای گەورە تەماشای ریزی خوار ناکات .

پێشەوا ئبن باز ئەفەرموێ ( ئەمە فەرمودە نیە ،وەراست نیە ) .

فەرمودەی بیستەهەم : _

(**إن النبي (ص) أوصى على سابع جار** ) واتا پێغەمبەر وەسیەتی کردوە چاک بین لەگەل دراوسێکانمان تا حەوت دراوسێ) .

( ئەمە هەر فەرمودە نیە بەلکو قسەی خەلکە .)

فەرمودەی بیست ویەکەم : _

(**إن للصائم عند فطره دعوة لا ترد** ) واتا بۆرۆژوە وان لەکاتی رۆژوشکاندن هەردوعایەک بکات گیرا ئەبێت .

فەرمودەیەکی لاوازە .پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لە پەرتوکی (اروا الغلیل _ ژمارەی فەرمودە _921)

فەرمودەی بیست ودووەم :_

(**أول شهر رمضان رحمة ، وأوسطه مغفرة ، وآخره عتق من النار** ) واتا سەرتای مانگی رەمەزان رەحمەتە،وناوندەکەی لێخۆش بونە، وەکۆتایەکەی رزگاربوونە لە ئاگری دۆزەخ .

فەرومودەیەکی نەناسراوە ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی (زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان ژمارەی فەرمودە (1569 _ ج 4_لاپەرە 70) .

فەرمودەی بیست وسێیەم :_

(**بروا آباءكم ، تبركم أبناؤكم ، و عفوا ، تعف نساؤكم ، و من انتصل إليه فلم يقبل ، لم يرد علي الحوض يوم القيامة**) واتا چاک بن لەگەل باوکتان کورەکانتان چاک ئەبن لەگەلتان ،وەداوێن پاک بن خێزانەکانتان داوێن پاک ئەبن .

ئەم فەرمودەیە لاوازە ،پێشەوا ئەلبانی لە پەرتوکی(زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان ژمارەی فەرمودە_**2039**) .

فەرمودەی بیست وچوارەم :_

(**بشر القاتل بالقتل والزاني بالفقر ولو بعد حين** ) واتا موژدەبدە بە بکوژ ئەکوژرێتەوە ،وەداوێن پیس بە هەژاری ئەگەر چی پاش ماوەیەکی دیکە بێت ) پێشەوا (العجلونی لەپەرتوکی كشف الخفاء ومزيل الإلباس_ئەفەرموێ فەرمودیەکی لاوازە.

فەرمودەی بیست وپێجەم :_

(**تسعة أعشار الرزق في التجارة والعشر في المواشي** ) واتا نۆلەسەر دەی رۆزی لە بازرگانیە،وەدەیەمیش لە مەرومالت دایە .

ئەم فەرمودەیە لاوازە، ،پێشەوا ئەلبانی لە پەرتوکی(زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان ژمارەی فەرمودە (2434

فەرمودەی بیست وشەشەم :_

(**الجنة تحي أقدام الأمهات** ) واتا بەهەشت لەژێرپێ ی دایکان دایە .

پێشەوا ئبن تەیمیە ئەفەرموێ ( ئەمە فەرمودە نیە بەلام ماناکەی ئەوەیە هۆی چونە بەهەشت رێزگرتن وخزمەت کردنیەتی ، پێشەوا ئەلبانی لە پەرتوکی _ ضعيف الجامع_ ژمارەی فەرمودە (2666

فەرمودەی بیست وحەوتەم :_
(**الحكمة ضالة المؤمن، فحيث وجدها فهو أحق بها** ) واتـا دانـایی دیتراوەی بـاوەرداره، وەلـەكوێ دیتیەوه ئەوا ئەو شیاوتره بۆی) .
پێشەوا ئبن جەوزی ئەفەرموێ ( ئەم فەرمودیە راست نیە ،ئەلبانی ئەفەرموێ لاوازه) .

فەرمودەی بیست و هەشتەم :_
(**أَمْرًا بَيْنَ أَمْرَيْنِ ، وَخَيْرُ الأُمُورِ أَوْسَطُهَا**) **واتا** ئیشێک لە نێوان دووئیش دا باشترین یان ناوەنجیە.
ئـەم فـەرمـودەیـە لاوازە ، پێشـەوا ئـەلبـانی لـە پـەرتـوكی(زنـجیـرەی فـەرمـودەلاوازەكـان ژمـارەی فەرموده_ج14_لاپەره 1163) .

فەرمودەی بیست ونۆیەم :_
(**خير البر عاجله** ) واتا باشترین كاری چاكە پەلەی تێدا بكرێت .
ئەم فەرمودەیە هەلبەستراوه، پێشەوا(العجلونی لەپەرتوكی كشف الخفاء ومزيل الإلباس _ج 1_ لاپەره 461) .

فەرمودەی سی یەمین:_
(**الدعاء مخ العبادة** ) واتا پارانەوه مێشكی عیبادەتە .
ئەم فەرمودەیە لاوازه ، پێشەوا ئەلبانی لە پەرتوكی (ضعيف الترغيب) ژمارەی فەرموده1016)
بەلام بەشێوەیەكی تر هاتوه ئەم بەهێزه (**الدعاء هو العبادة** ) پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ بـەم شێوەیـە بە هێزه ئەم فەرمودەیە .

فەرمودەی سی ویەكەمین :_
(**الدين المعاملة** ) واتا ئاین موعامەلە كردن وتێكەلاو كردنە .
پێشەوا ئیبن باز ئەفەرموێ هیچ سـەرەتایـەكی نیـە،وه ئـەم فـەرمـودەیـە لاوازه ، پێشـەوا ئـەلبـانی لـە پەرتوكی(زنجیرەی فەرمودەلاوازەكان ژمارەی فەرموده ج 5_لاپەره 11) .

فەرمودەی سی ودوەمین:_
(**سلمان منا أهل البيت** ) واتا( سەلمان ) لەئێمەیە ئەهل وبێت .
پێشەوا زەهەبی ئەفەرموێ زۆر لاوازه ئەم فەرمودەیە،وەپێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لـە پـەرتـوكی _ ضعيف الجامع_ ژمارەی فەرموده 3272)

فەرمودەی سی وسێ یەم :_
(**شراركم عزابكم** ) واتا خراپترین كەستان ئەوانەن كە بێ ژنن .
پێشەوا زەهەبی ئـەفـەرموێ لـە پـەرتـوكی ميزان الاعتدال ئـەفـەرموێ ئـەم فـەرمـودەیـە نـەناسراوه ژمارەی فەرموده _ج1_لاپەره 627).

فەرمودەی سی وچوارەم :_
(علموا أبناءكم السباحة والرمي والمرأة المغزل) واتا فێری منالەكانتـان بـكـەن مـەلـەوانـی ،وپێكانـدن ،وسوارچاكی وەفێری ئافرەتەكانتان بكەن رستن وچنین ،
پێشەوا ئەلبانی لە پـەرتـوكی(زنجیرەی فـەرمودەلاوازەكان ژمـارەی فـەرموده_3877)ئـەفـەرموێ زۆرلاوازه.

فەرمودەی سی وپێنجەم :_

(لا تكثروا الكلام بغير ذكر الله، فإن كثرة الكلام بغير ذكر الله قسوة للقلب، وإن أبعد الناس من الله القلب القاسي) واتا نەکەن زۆر قسەبکەن بەبێ یادی خوا،چونکەزۆرقسەکردن بەبێ یادی خوا دڵ ئەمرێنێت،وەدوورترین کەس لەخوای گەورە ئەوانەن دلیان رەقە.
پێشەوا ئەلبانی لە پەرتوکی(زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان ژمارەی فەرمودە_920_وەئەم فەرمودە لاوازە.

فەرمودەی سی وشەشەم :_
(**يأتي على الناس زمان هم فيه ذئاب** ، **فمن لم يكن ذئبا** ، **أكلته الذئاب**) واتا زەمانێک بەسەر ئەم ئومەتە دادێت ئەوان گورگن،ئەگەریەکێک لەوان گورگ نەبێت ئەوا گورگەکان ئەیان خۆن.
ئەم فەرمودەیە زۆر لاوازە پێشەوا ئە لبانی ئەفەرموێ لە پەرتوکی _زنجیرە فەرمودە لاوازکان ژمارەی فەرمودە_37)

فەرمودەی سی وحەوتەم :_
(**كان إذا دخل رجب قال : "اللهم بارك لنا في رجب وشعبان وبلّغنا رمضان**) واتا پێغەمبەر_درودی خوای لێبێت_ کاتێک ئەگە یشتە مانگی رەجەب ئەی فەرموو _خوایە بەرکەت بخە یتە مانگی رەجەب وبمان گەینێت بۆ رەمەزان.
پێشەوا بوخاری ئەفەرموێ ئەم فەرمودەیە نەناسراوە وپێشەوا زەهەبی ئەفەرموێ لاوازە.

فەرمودەی سی و هەشتەم :_
(**كل قرض جر منفعة فهو ربا** ) واتا هەمو قەرزێک ئیستفادەی هەبوو ئە وە سووە_ربا.
پێشەوا زەهەبی ئەفەرموێ لەپەرتوکی - ميزان الاعتدال_ج3 لاپەرە 96) لاوازە.

فەرمودەی سی ونۆیەم :_
(**لا تمارضوا فتمرضوا** ، **ولا تحفروا قبوركم فتموتوا**) واتا خۆتان نەخۆش مەهێخن دوای نەخۆش ئەکەون ،وبەدەستی خۆتان گۆر هەلمەکەنن دوای ئەمرن.
ئەم فەرمودەیە لاوازە پێشەوا ئە لبانی ئەفەرموێ لە پەرتوکی _زنجیرە فەرمودە لاوازکان ژمارەی فەرمودە_ج1-لاپەرە 425).

فەرمودەی چلەمین :_
(**لا صلاة لجار المسجد إلا في المسجد** ) واتا نوێژی قبول نیە ئەکەسەی دراوسێێ مزگەوت بێت .
ئەم فەرمودەیە لاوازە پێشەوا ئە لبانی ئەفەرموێ لە پەرتوکی _زنجیرە فەرمودە لاوازکان ژمارەی فەرمودە ژمارەی فەرمودە 183)

فەرمودەی چل ویەکەمین :_
(**المعدة بيت الداء والحمية خير دواء**) واتا گەدە مالی نەخۆشیە وخۆپاراستن باشترین دەرمانە.
ئەم فەرمودیەهەلبەستراوە ویەکێکە لە قسەکانی دکتۆری بەناوبانگی عەرەب (**الحارث بن كلدة**) .

فەرمودەی چل ودووەم :_
(**من عاشر قوما 40 يوما صار منهم** ) واتا هەرکەسێک تێکەلاوی گەلێک بکات بۆماوەی چل رۆژ ئەوا لەوانە .
ئەمە هەر فەرمودە نیە بە ناو خەلک دا بلاو بۆتەوە .

فەرمودەی چل وسێ یەم :_

(من قرأ سورة الواقعة كل ليلة لم تصبه فاقة أبدا) واتا هەر کەسێک سورەتی (واقعە) ی خوێند هەمو شەوێک ئەوا توشی هیچ ناخۆشیەک نابێت .

ئەم فەرمودەیە لاوازە پێشەوا ئە لبانی ئەفەرموێ لە پەرتوکی _زنجیرە فەرمودە لاوازکان ژمارەی فەرمودە ژمارەی فەرمودە_289)

فەرمودەی چل وچوارەم :_

(**النظافة تدعوا إلى الأيمان** ) وا تا پاک وخاوێنی سەرئەکێشی بۆ باوەر .

پێشوە وا( العراقی) ئەفەرموێ زۆر لاوازە ئەم فەرمودەیە ، ئەم فەرمودەیە لاوازە پێشەوا ئە لبانی ئەفەرموێ لە پەرتوکی _زنجیرە فەرمودە لاوازکان ژمارەی فەرمودە ژمارەی فەرمودە_5277)

فەرمودەی چل وپێنجەم :_

(**النظافة من الأيمان** ) واتا پاک وخاوێنی لە باوەردایە .

ئەم قسەیە هەر فەرمودە نیە .

فەرمودەی چل وشەشەم :_

(**لو اعتقد أحدكم بحجر لنفع** ) واتا ئەگەر یەکێکتان بڕوای بە بەردێک هەبوو ئەوا قازانجی پێ ئەگەیێنێ .

پێشەوا ئیبن قەیم ئەفەرموێ (ئەمە قسەی بت پەرستەکانە کەگومانی باشیان ئەبرد بە بتەکان و) وە ئەم فەرمودەیە هەلبەستراوە ،پێشەوا ئە لبانی ئەفەرموێ لە پەرتوکی _زنجیرە فەرمودە لاوازکان ژمارەی فەرمودە ژمارەی فەرمودە _450)

فەرمودەی چل و حەوتەم :_

(**من حج ولم يزرني فقد جفاني** ) واتا هەر کەسێک حەجی کرد وسەردانی منی نەکرد ئەوا بێ وەفا بووە لەگەل من .

پێشەوا ئە لبانی ئەفەرموێ لە پەرتوکی _دفاع عن الحديث_ژمارەی فەرمودە (107) ئەم فەرمودە هەلبەستراوە.

فەرمودەی چل و هەشتەم :_

(**من زارني وزار أبي ( إبراهيم ) في عام واحد ضمنت له الجنة**) واتا هەرکەسێک سەردانی من و سەردانی باوکی من ئیبراهیم ی کردم لە یەک سال ئەوا من بەهەشتی بۆمسۆگەر ئەکەم .

پێشەوا ئە لبانی ئەفەرموێ لە پەرتوکی حجة النبي_ژمارەی فەرمودە _146)

فەرمودەی چل ونۆیەم :_

(**من زار قبري فقد وجبت له شفاعتي** ) واتا هەرکەسێک سەردانی قەبری منی کرد ئەوا بەر شەفاعتی من ئەکەوێت .

پێشەوا ئیبن تەیمیە ئەفەرموێ ( قسەی خەلکە وەهیچ فەرمودە نیە ) .

فەرمودەی پەنجا هەمین :_

(**من لم تنهه صلاته عن الفحشاء والمنكر لم يزدد من الله إلا بعدا** ) **واتا** هەرکەسێک نوێژەکەی دوری نەکاتەوە لەخراپە وگوناه ئەوا تەنها لەخوای گەورە دوور ئەکەوێتەوە .
ئەم فەرمودەیە لاوازە پێشەوا ئە لبانی ئەفەرموێ لە پەرتوکی _زنجیرە فەرمودە لاوازکان ژمارەی فەرمودە ج2_لاپەرە 985)

فەرمودەی پەنجاویەکەمین :_
(**الرسول رأى رجلا يعبث بلحيته في الصلاة فقال(( لو خشع قلب هذا لخشعت جوارحه** ) واتا پێغەمبەر کابرایەکی بینی لەکاتی نوێژدا یاری بە ریشی ئەکرد پێغەمبەر فەرموی( ئەگەر دلی ئەم کابرایە دڵ نەوا بوایە لە ئەوا دسەت وقاچ و شوێنەکانی دی دل نەوا ئە بوو .
ئەم فەرمودیە راست نیە بەلکو لە قسەکانی (سەعیدی کوری موسەیەبە) ،وە ئەم فەرمودەیە لاوازە پێشەوا ئە لبانی ئەفەرموێ لە پەرتوکی _زنجیرە فەرمودە لاوازکان ژمارەی فەرمودە فەرمودە_110)

فەرمودەی پەنجاودوەمین :_
(**إن الله لا ينظر الى الصف الأعوج** ) واتا خوای گەورە تەماشای ریزی خوار ناکات .
ئەم فەرمودەیە هەلبەستراوە هیچ بنچینە یەکی نیە مامۆستا _ مشهور حسن ئەفەرموێ لە پەرتوکی القول المبين في أخطاء المصلين .

فەرمودەی پەنجاوسێ یەمین :_
(**إن الله يحب أن يرى عبده تعبا في طلب الحلال**) واتا خوای گەورە پێ خۆشە بەندەکەی خۆی ببینێ کەماندوە لە بەدواگەرانی رۆزی حەلال.
ئەم فەرمودەیەهەلبەستراوە پێشەوا ئە لبانی ئەفەرموێ لە پەرتوکی _زنجیرە فەرمودە لاوازکان ژمارەی فەرمودە _10).

فەرمودەی پەنجاوچوارەمین :_
(**اطلبوا العلم ولو بالصين** ) واتا داوای زانیاری بکەن ئەگەرلە ولاتی چین یش بێت .
پێشەوا ئيبن جەوزی ئەفەرموێ لەپەرتوکی الموضوعات" (215/1) ئەفەرموێ ئەم فەرمودەیە هەلبەستراوە.

فەرمودەی پەنجاوپێنجەمین :_
(**حب الوطن من الإيمان** )واتا خۆشەویستی نیشتمان لە باورەوەیە .
پیشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ هەلبەستراوە لە پەرتوکی زنجیرە فەرمودە لاوازکان ژمارەی فەرمودە 36)

فەرمودەی پەنجاوشەشەمین :_
(**أصحابي كالنجوم فبأيهم اقتديتم اهتديتم** ) واتا هاولەکانم وەک ئەستێرەوانە بەدوای هەریەکێ کیان بکەون ئەوا رێنمونی وەر ئەگرن .
ئەم فەرمودەیە هەلبەستراوە هەروەک پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لە پەرتوکی _ صفة الصلاة النبی_ لاپەرە _59).

فەرمودەی پەنجاوحەفتەمین :_

(**نحن قوم لا نأكل حتى نجوع وإذا أكلنا لا نشبع** ) واتا ئێمە گەلێكین نان ناخۆین تاوەكو برسی مان نەبێت وەئەگەر خواردمان ئەوا تێر ناخوێن .
. پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ هەڵبەستراوە لە پەرتوكی زنجیرە فەرمودە راستەكان _ ج 7_لاپەرە .(1651

فەرمودەی پەنجاو هەشتەمین:_
(**أكرموا عمتكم النخلة** ) واتا رێزی ئامۆژنتان بگرن دار خورما .
مامۆستا محمد جار الله الصعدي ئەفەرموێ ئەم فەرمودەیە لاوازە لەپەرتوكی_ النوافح العطرة_لاپەرە 53)

فەرمودەی پەنجاونۆیەمین :_
(**الحديث في المسجد يأكل الحسنات كما تأكل البهائم الحشيش** ) واتا قسەكردن لەمزگەوت چاكەكانی مرۆڤ ئەخوات هەروەكو ئاژەل گژوگیا ئەخوات .
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوكی زنجیرە فەرمودە لاوازكان ئەم فەرمودەیە هیچ بنچینەیەكی نیە ژمارەی فەرمودە _4)
.

فەرمودەی شەستەهەمین:_
(**من نام بعد العصر؛ فاختُلِس عقله، فلا يلومنّ إلا نفسه** ) **واتا هەركەسیك** پاش كاتی عەسەر خەوت دوای شێت بوو ئەوا تەنها لۆمەی خۆی بكات .
ئەم فەرمودەیە لاوازە پێشەوا ئە لبانی ئەفەرموێ لە پەرتوكی _زنجیرە فەرمودە لاوازكان ژمارەی فەرمودە_39).

فەرمودەی شەست ویەكەمین:_
(**تزوجوا، و لا تطلقوا؛ فإن الطلاق يهتز له العرش**) واتا ژن بهێنن تەلاق مەدەن چونكە تەلاق عەرشی خوای بۆ ئەجولێت .
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوكی زنجیرە فەرمودە لاوازكان ئەم فەرمودەیە لاوازە ژمارەی فەرمودە_147)

فەرمودەی شەست و دووەم :_
(**الولد سر أبيه** ) **واتا** منال نهێنی باوكیەتی.
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوكی زنجیرە فەرمودە لاوازكان ئەم فەرمودەیە هیچ بنچینە یەكی نیە ژمارەی فەرمودە فەرمودە_48)

فەرمودەی شەست وسێ یەم :_
(**الدعاء سلاح المؤمن ، و عماد الدين ، و نور السماوات و الأرض**) **واتا** پارانەوە چەكی باوەردارە وە كۆلەگەی ئاینە وە روناكی ئاسمانكان وزەویە ، یەكێكە لە قسەكانی پێشەوا (**الفضيل بن عياض** )
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوكی زنجیرە فەرمودە لاوازكان ئەم فەرمودەیە لاوازە ژمارەی فەرمودە -179)

فەرمودەی شەست وچوارەم :_
(**صوموا تصحوا** ) **واتا** بەرۆژو بن تەندروستیتان چاك ئەبێت .
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوكی زنجیرە فەرمودە لاوازكان ئەم فەرمودەیە لاوازە ژمارەی فەرمودە_253).

فەرمودەی شەست وپێنجەم :_
(**لولاك لما خلقت الأفلاك** ) **واتا** ئەگەر تۆنەبوایت _مەبەستی پێغەمبەرە_ ئەوا عەرزوئاسمانم دروست نە ئەكرد.
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوكی زنجیرە فەرمودە لاوازكان ئەم فەرمودەیە لاوازە ژمارەی فەرمودە_282).

فەرمودەی شەست وشەشەم :_
(**الحجر الأسود يمين الله في الأرض، يصافح بها عباده** ) **واتا** بەردەشەكە دەستی راستی خوای گەورەیە لەسەر ئەرز تەوقە لەگەڵ بەندەكاندا ئەكات.
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوكی زنجیرە فەرمودە لاوازكان ئەم فەرمودەیە لاوازە ژمارەی فەرمودە_223)

فەرمودەی شەست وحەوتەم:_
(**كما تكونوا يُولّى عليكم** ) واتا چۆن بن ئەوا بەسەرتان دا ئەكرێتە دەسەلات دار .
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوكی زنجیرە فەرمودە لاوازكان ئەم فەرمودەیە لاوازە ژمارەی فەرمودە_320)

فەرمودەی شەست و هەشتەم :_
(**وُلد له مولود، فأذن في أذنه اليمنى، و أقام في أذنه اليسرى، لم تضره أم الصبيان** ) واتا هەكەسێك منالی بوو بانگی دا بەگوێ راستی وە قاماتی كرد بە گوێ چەپی ئەوا هیچ شتێك زەرەری لێ نادات .
پێشەوا زەهەبی لەپەرتوكی _میزان الاعتدال ئەم فەرمودەیە هەڵبەستراوە.( الميزان" للذهبي ((397/4)

فەرمودەی شەست ونۆیەم :_
(**من تمسّك بسنّتي عند إفساد أمتي؛ فله أجر مائة شهيد** ) واتا هەركەسێك دەستی بە سونەتەكانی من گرت لە كاتی خراپی ئۆمەتەكەم ئەوا پاداشتی سەدد شەهیدی
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوكی (زنجیرەی فەرمودەلاوازەكان _ئەم فەرمودەیە لاوازە **326_**).

فەرمودەی حەفتاهەمین :_
(**أنا ابن الذبيحين** ) **واتا** من كوری دوو سەربراوم .
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوكی (زنجیرەی فەرمودەلاوازەكان _ئەم فەرمودەیە هیچ بنچینەیەكی نیە ژمارەی فەرمودە _331)

فەرمودەیحەفتاویەكەمین:_
(**النّظر في المصحف عبادة، و نظر الولد إلى الوالدين عبادة، و النظر إلى علي بن أبي طالب عبادة**) واتە تەماشا كردنی قورئان عیبادەتە ،وتەماشاكردنی دایك وباوك عیبادەتە ،وتەماشا كردنی عەلی كوری ئەبی تالب عبادەتە )

پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی (زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان_ ئەم فەرمودەیە هەلبەستراوە ژمارەی فەرمودەکە _365)

فەرمودەی **حەفتاودوو** هەمین :_
**(لا تسبّوا قريشاً؛ فإن عالمها يملأ الأرض علماً )** واتا جنێوبەقورەیەش مەدەن لەبەرئەوە زاناکانیان پر بە سەر ئەرز زانستیان پێە.
وەپێشەوا زەهەبی ئەفەرموێ ئەم فەرمودەیە لە سەنەدەکەی پیاوێکی تێدایەنەناسراوە لە پەرتوکی میزان الاعتدال ج4_لاپەرە 256) .

فەرمودەی حەفتاو سێ هەمین:_
**(السلطان ظل الله في أرضه، من نصحه هدي، و من غشّه ضل)** **واتا دەسەلات** سێبەری خوایە لەسەر ئەرز هەرکەسێک ئامۆژگاری کرد ئەوا رێنمونی وەرگرت، وەهەر کەسێک غەشی لێ کرد ئەوا گومرا بوو.
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی (زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان_ ئەم فەرمودەیە هەلبەستراوە ژمارەی فەرمودە _475).

فەرمودەی حەفتاوچوارەمین:_
**(سيد القوم خادمهم )** **واتا** سەرداری خەلک خزمات کاری وانە.
ێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی (زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان_ ئەم فەرمودەیە لاوازە ژمارەی فەرمودە _1042).

فەرمودەی حەفتاوپێنجە هەمین:_
**(البر لا يبلى، و الإثم لا ينسى، و الديان لا ينام، فكن كما شئت، كما تُدين تُدان)** واتا چاکە لەناوناچێ وەگوناە لە یاد ناکرێت وە خوای گەورە نامرێت وەچۆنت ئەوێت بیکە چۆن ئەنجام بدەیەت ئەوا پاداشت ئەدرێتەوە .
ێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی (زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان_ ئەم فەرمودەیە لاوازە ژمارەی فەرمودە_1567).

فەرمودەی حەفتاو هەشتەمین:_
**(أجرؤكم على الفتيا أجرؤكم على النّار )** **واتا** زۆرئازاتان لەسەر فەتوادان زۆرئازاتانە لەسەر ئاگر فەرمودەیەکی لاوازە .
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ ئەم فەرمودەیە لاوازە لەپەرتوکی_ ضعيف الجامع_ژمارەی فەرمودە _147)

فەرمودەی حەفتاونۆیەمین:_
**(إياكم و الحسد؛ فإن الحسد يأكل الحسنات كما تأكل النّار الحطب )** **واتا** نەکەن ئێرەی ببەن لەبەر ئەوەی ئێرەی چاکەکان ئەخوات هەروەکو ئاگر دار ئەسوتێنی.
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ ئەم فەرمودەیە لاوازە لەپەرتوکی_ ضعيف الجامع_ژمارەی فەرمودە_2197).

فەرمودەی هەشتا هەمین :_
**(فكرة ساعة خير من عبادة ستين سنة )** **واتا** بیر کردنەوە کاتێکی کەم باشترە لە پەرستنی خوا بۆماوەی شەست سال .

پێشـوا ئـەلبـانی ئـەفـەرمـویٚ ئـەم فـەرمـودەیـە لاوازە لـەپـەرتـوکی _ضـعیف الجـامع_ژمـارەی فەرمودە_3988)

فەرمودەی هەشتا ویەک:_
(**شاوروهن – يعني النّساء – و خالفوهن** ) واتا پرسیان پیٚ بکەن مەبەستی _ئافرەتان_وەبـەگوێیـان مەکەن .
زانای بەناوبانگ خاوەنی پەرتوکی (تذكرة الموضوعات(128) _ محمد طاهر بن علي الصديقي الفتني ئەفەرمویٚ هیچ بنچینەیەکی نیە

فەرمودەی هەشتاو دوو:_
(**اتقوا فراسة المؤمن؛ فإنه ينظر بنور الله** ) واتـا بترسـن لـە چـاوو رونـی بـاوەردار لـەبـە ئـەوەی بەروناکی خوا تەماشا ئەکات .
پێشـوا ئـەلبـانی ئـەفـەرمویٚ لـەپـەرتـوکی (زنجیرەی فـەرمـودەلاوازەکـان_ ئـەم فـەرمـودەیـە لاوازە ژمارەی فەرمودە_1821).

فەرمودەی هەشاو سێ یەمین:_
(**ليس لفاسق غيبة" أو "لا غيبة لفاسق** ) واتا غەیبەت نیە بۆ پیاوی خراپەکار.
پێشەوا ئیبن ئەلقەیم ئەفەرمویٚ لەکتێبی المنار المنيف" (301) ئەم فەرمودەیە هەلبەستراوە.

فەرمودەی هەشتاوچوارەمین:_
(**لما قدم النبي المدينة، جعل النّساء و الصبيان و الولائد يقلن: طلع البدر علينا من ثنيات الوداع**)
واتا کاتێک پێغەمبەر کۆچی کرد بۆمەدینە کە گەیشتە مەدینە منال وئافرەتان ئەیان وت لێمان بەدیار کەوت مانگی چواردە _
پێشـوا ئـەلبـانی ئـەفـەرمـویٚ لـەپـەرتـوکی (زنجیرەی فـەرمـودەلاوازەکـان_ ئـەم فـەرمـودەیـە لاوازە ژمارەی فەرمودە_598).

فەرمودەی هەشتاو پێنجەمین:_
(كان_أي النبي _ إذا أخذ من شعره، أو قلّم أظافره، أو احتجم، بعث به إلي البقيع فدُفن ) واتا کاتێک پێغـەمبـەر ئـەگـەر بیوسـتبایە قژی کۆرت کردبایـەوە یـان نینۆکـەکـانی بکردبایـە یـان خـۆێنی پیسـی بهێنابایە دەرەوە ئەوا ئەی ناردە گۆرستانی بە قیع ئەی شاردەوە .
پێشـەوا ئیبن ئـەبی حاتەم ئەفەرمویٚ لە پەرتوکی _ العلل_ ئەم فەرمودە نیە .

فەرمودەی هەشتاو شەشەمین:_
(**المؤمن كيس فطن حذر**) واتا مرۆڤی باوەردار ژیرەوئاگادارە .
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرمویٚ لەپەرتوکی (زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان_ئەفەرمویٚ هەلبەستراوە ژمارەی فەرمودە760)

فەرمودەی هەشتاوحەفتەمین:_
(يا جبريل صِف لي النّار، و انعت لي جهنم، فقال جبريل: إن الله –تبارك و تعالى- أمر جهنم؛ فأوقد عليها ألف عام حتى ابيضّت، ثم أمر؛ فأوقد عليها ألف عام حتى احمرَّت، ثم أمر؛ فأوقد عليها ألف عام حتى اسودَّت؛ فهي سوداء مظلمة ) واتا پێغەمبـەر بـە جوبریلی فـەرمـوو شێوەی ئـاگری دۆزەخ چۆنە؟ جوبریل فـەرمـوی خـوای پـەروەردگـار فـەرمـانی کـرد بـە ئـاگری دۆزەخ هـەزارسـال کـەگـر بگرێت هەزار سال گری گرت تا وەکو سپی بوو وەفەرمانی کرد کە گر بگرێت هـەزار سـال سـوتا

تا وەکو سورەوەبوو دوای فەرمانی کرد هەزار سالی تر بسوتێ تاوەکورەش بوو ئێستا ئاگری دۆزەخ رەش وتاریکە .
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی (زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان_ ئەم فەرمودەیە هەلبەستراوە ژمارەی فەرمودە (910).

فەرمودەی هەشتاو هەشتەمین:_
(لكل شيء عروس، و عروس القرآن الرحمن ) واتا هەموو شتێک بوکێکی رازاوەی هەیە وە بوکی قورئان سورەتی الرحمن )
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی (زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان_ ئەم فەرمودەیە لاوازە ژمارەی فەرمودە_**1350**)
.

فەرمودەی هەشتاونۆیەمین:_
(**لا تجعلوا آخر طعامكم ماء** ) واتا نەکان کۆتای خواردنەکانتان ئاو بێت .
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی (زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان_ ئەم فەرمودەیە هیچ بنچینە یەکی نیە ژمارەی فەرمودە_2096).

فەرمودەی نەوەد مین:_
(**رجعنا من الجهاد الأصغر إلى الجهاد الأكبر** ) واتا لە جهادی بچوک_مەبەستی کوشتار کردنە لەپێناوی خوا_هاتینەوە بۆجیهادی گەورە .
پێشەوا ئیبن حەجر ئەفەرموێ( ئەمە فەرمودە نیە لە قسەکانی **إبراهيم ابن أبي عبلة** یە )وە پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی (زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان_ ئەم فەرمودەیە هیچ بنچینە یەکی نیە ژمارەی فەرمودە_2460) وە بەداخەوە ئێستا زۆرێک لە خاڵک ئە کاتە بەڵگە لە خۆدزینەوە لە جیهاد وتێکۆشان.

فەرمودەی نەودو یەک :_
(**كان رسول الله صلى الله عليه وسلم إذا فرغ من طعامه قال : الحمد لله الذي أطعمنا وسقانا ، وجعلنا مسلمين**) واتا کاتێک لە خواردن ئەبۆوە ئەی وەت سوپاس بۆ خوای گەورە کە خواردنی پێ داین وئاویشی پێداین وئێمەشی کردە موسلمان .
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی _ الشمائل المحمدية_لاوازە _ژمارەی فەرمودە _163)

فەرمودەی نەوەد ودوو :_
**من لقي أخاه عند الانصراف من الجمعة فليقل تقبل الله منا ومنك فإنها فريضة أديتموها إلى ربك)**
واتا هەرکەسێک برایەکی خۆی بینی لەکاتی تەواو بوونی نوێژی هەینی ئەوا بلێ خوالێمان قبوول بکات ئەوا فەرزێک بوو کردمان بۆ خوای خۆمان.
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی_ الأجوبة النافعة_لاپەرە _74)

فەرمودەی نەودوو سێ :_
(**عند كل ختمة دعوة مستجابة**) واتا لەدوای کۆتایی هەموو خەتمێکی قورئان هەرنزاوپارانەوەیەک بکەیت ئەوا گێرا ئەبێت.
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی_ ضعيف الجامع_ ئەم فەرمودەیە هەلبەستراوە_ژمارەی فەرمودە _3819).

فەرمودەی نەودووچوار:_

**(من قال سبحان الله وبحمده غرس الله له ألف ألف نخلة في الجنة أصلها ذهب ) واتا** هەر کەسێک بڵێت سبحان الله و الحمدلله ئەوا خوای گەورە هەزار هەزار دارخورمای بۆ ئەچێنێت لە بەهەشتا بنچینەکەی زێرە .

پێشەوا ئیبن ئەلقیم لەپەرتوکی _ المنار المنيف_ لاپەرە_36)ئەفەرموێ ئەم فەرمودە هەڵبەستراوە.

فەرمدەی نەوەدوو پێنج:_

**(علموا أبناءكم السباحة والرمي ، والمرأة المغزل)** واتا فێری منالەکانتان بکەن مەلەوانی وتیرهاوێشتن وەئافرەتەکانتان فێری رستن وچنین بکەن .

پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی (زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان وهەڵبەستراوەکان _ ئەم فەرمودەیە زۆر لاوازە ژمارەی فەرمودە _ج8_لاپەرە_ 335).

فەرمودەی نەوە دوشەش:_

(الوقت الأول من الصلاة رضوان الله والآخر عفو الله) واتا کاتی یەکەمی نوێژ رەزامەندی خوایە و کۆتایەکەی لێ خۆش بوونی خوایە .

پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی إرواء الغليل ئەفەرموێ ئەم فەرمودەیە هەڵبەستراوە جزء 1 – لاپەرە_287).

فەرمودەی نەوەد حەوت:_

(أبغض الحلال إلى الله الطّلاق ) واتا خراپترین حەلال کە خوای گەورە رقی لێ بێتەوە تەلاقە.

پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی _ ضعيف الجامع الصغير_ ئەم فەرمودەیە لاوازە ژمارەی فەرمودە _44).

فەرمودەی نەوەد هەشت:_

**(إن الله يحب أن يرى عبده تعبا في طلب الحلال) واتا خوای گەورە** پێ خۆشە بەندەکەی خۆی ببینێ ماندوە لە بەدواگارانی رۆزی حەلال .

پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان ئەم فەرمودەیە هەڵبەستراوە ژمارەی فەرمودە _10)

فەرمودەی نەوەدونۆ:_

**(من أفطر يوماً من رمضان في غير رخصة رخصها الله له، لم يقض عنه صيام الدهر كله، و إن صامه )** واتا هەر کەسێک رۆژێک بشکێنی لە مانگی رەمەزان بەبێ هیچ عوزرێک کە خوا بۆی داناوە هیچ شتێک نایەتەوە لە بری ئەم رۆژە کە نەی گرتوە ئەگەر هەموو ژیانی بە رۆژو بوو.

پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی الترغيب والترهيب ج 2_لاپەرە 72) ئەم فەرمودە لاوازە.

فەرمودەی سەدەهەمین:_

(من أحيا ليلة الفطر و ليلة الأضحى، لم يمت قلبه يوم تموت القلوب ) واتا هەرکەیێک شەوی جەژنی رەمەزان وشەوی جەژنی قوربانی زیندوو کردەوە بەعیبادەت ئەوا دلی نامرێت کاتێک دلەکان ئەمرن .
پێشەوا ئەلبانی ئەفەرموێ لەپەرتوکی زنجیرەی فەرمودەلاوازەکان ئەم فەرمودەیە لاوازە ژمارەی فەرمودە _520) .

وە لەکۆتاییدا برایان وخوشکانم بەدلێکی فراوانەوە وەربگرن وەمەلێن ئەمەچیە ئەم هەموو فەرمودەیە لاوازە کە وابوو هیچ نەماوەتەوە نەخێر چونکە ئەم ئاینە وەک زنایان ئەفەرموون (سەنەد) ئاینە وەئەگەر (سەنەد) نەبێت ئەوا ئاین لەناو ئەچێت وەخوای گەورە وای کردوە کە چەند زانایەک هەلسن بە دانانی ئەم زانستە گرنگە کە( زانستی فەرمودەیە) بۆ ئەوەی ئاینەکە بپارێزرێت نەوەک وەک ئاینەکانی پێشتر گۆرانکاری تێدا بکرێت و پێشەوا ( ئە حمەدی کوری حەنبەل) گوتی کورەکەم وەرە فێری فەرمودەت بکەم دەهەزارفەرمودەی فێر کرد دوای گوتی کورم ئەم فەرمودانە هەموی هەلبەستراوە دوای دەهەزار فەرمودەی تری فێر کرد ئنجا وتی کورم ئەم فەرمودانە هەموی لاوازە دوای دەهەزار فەرمودەی تری فێر کرد ئنجا وتی کورم ئە م فەرمودانە تەواوە .
برایان وا مەزانن دوژمنان هیچ ناکەن بۆ ئەوەی ئاینەکەمان بشێوێنن نا زۆر هەول ئەدەن لە کۆنەوە تائێستا ئەوتا پێشەوا زەهەبی ئەفەرموێ کاتێک (هارون الرشيد ویستی سەری زندیقێک بپەرێنی زندیقەکە وتی تۆ ئاگات لەچیە من هەزار فەرمودەم هەلبەستاوە هارون الرشيد وتی ئەی تۆ ئاگات لەچیە ئێمە پێشەوا باوکی ئیسحاقمان هەیە لەگەل عبد الله کوری موبارەک هەلی ئەبژێرن وشە وشە ) جابرایان یاوەکو پێشەوا سوفیانی سەوری ئەفەرموێ(فریشتەکان پاسەوانی ئاسمانەکانن وزانیانی فەرمودە پاسەوانی ئەرزن ) برایان وخوشکانم بگەرێنەوە سەربنچینەی ئاینەکەتان وفەرمودەراستەکانی پێغەمبەر وەدەستی پێوە بگرن ،وەهیوا دارم لە خوای گەورە بیکاتە مایەی لێ خۆش بونمان وە بیکاتە مایەی تۆێ شوو بۆ رۆژی دوایی ئامینن
لە کۆتایی دا سەلات وسەلام برژێت بە سەر گیانی موحەمەد دوایین پێغەمبەر ئامین

باوکی زوبێر / بەریتانیا

18 جمادي الاولي 1430 کۆچی

2009/5/12 زاینی

bawkizobair@yahoo.co.uk

www.regayrasty.com